**پەڕاگەندەبوون لە باخچەکانی تاراوگەدا:**
**گفتوگۆیەک لەگەڵ (هەندرێن) نووسەری کتێبی (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)**

سازدانی: بەختیار کەریم
بۆ ماڵپەڕی دەنگەکان

بەشی چوارەم

# پەیوەندیی هیرارکییانەی نێوان "شێخ" و "دەروێش"

"هەر نووسەرێک کە قسە دەکا، وەک قوربانییەک خۆی نمایشدەکا و لە نووسەرانی تر خۆی بە پاکتر دەزانێت. بەمجۆرە زمان دەبێتە کەرەسەیەک بۆ قسەکردن لە خودێکی بریندار، نەک دەربڕینی بیرۆکەیەک."

هەندرێن، (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: ئەمڕۆ پرۆسەی بە پاڵەوانکردن و پیرۆزکردنی ژمارەیەک لە نووسەر دەگوزەرێت و کەسیش نییە هیچی لەسەر بڵێت. خولیای ئەم پیرۆزکردنەی نووسەرێک یان چەند نووسەرێک کۆمەڵێک دەرویش پێی مەستبوون کە لەڕاستییدا هیچ سەروودەرێکیان لەگەڵ هزردا نییە، ئاگاهییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەو دەقانە نییە کە قسەیان لەسەر دەکەن. ئەم پیرۆزکردنە کاری هەمان ئەو نووسەرانەیە کە لە جێگەی تردا خۆیان بە دوژمنە سەرسەختەکانی هەموو موقەدەسێک دەناسێنن، کەچی کاتێک دەقی نووسەرێکی دیاریکراو بڵاودەبێتەوە، بەدەر لەوەی ئەم دەقە باشە یان خراپ، وەک داهێنانی سەردەم پیمان دەفرۆشن و نووسەرەکەشی وەک مرۆڤێکی ناوازە دەناسێنن، مرۆڤێک کە دەتوانیت هەموو کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەربکات چونکە لە هەموو بوارەکاندا قسەی هەیە. لەکاتێکدا لە هیچ ڕۆشنبیرییەکی دیکەی جیهاندا ستایشکردن نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی چەند نووسەرێک بکرێن بە شێخ و ئەوەی بەشانی تەپیویاندا هەڵنەڵێت لە ڕۆشنبیریی کوردیی وەدەردەنرێت و وەک جاهیل و هەندێک جار فاشیست لەقەڵەم بدرێت. تۆ لە شوێنێکی کتێبەکەتدا باس لە قەیرانی نووسینی کوردی دەکەیت کە لەجیاتی جۆشدانی بەرهەمهێنان لە بوارە مەعریفییەکاندا، لەجیاتی قووڵکردنەوەی هەستی جوانناسیی لەناخی خوێنەری کورددا، نووسین کراوەتە کاڵایەکی بێبەها و لەبازاڕی حیزب و دەسەڵاتی کوردیدا مامەڵەیەکی سووکی پێوەدەکرێت. بێگومان کۆتایی ئەمە سووکبوونی خودی نووسەرە، بەڵام لەوەش گرنگتر کایەی نووسینە. ئایا تۆ هیچ تروسکاییەک بەدی دەکەیت بۆ گەڕانەوە بۆ نووسین، وەک کردەی جۆشدانی ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە و قووڵکردنەوەی هەستی جوانناسیی، نووسین وەک کردەی دەربڕین لە ئایدیا نەک برینی تاکە نووسەرێک، یان بۆ ئەبەد نووسینی کوردی مەحکومە بە پەیوەندییەکی هیراکیی نێوان شێخێکی بیمار و دەروێشی سادەگۆ؟

هەندرێن: مخابن ئەو دیمەنەی کە تۆ لە رۆناکبیر و رۆشنبیریی کوردی ئەمڕۆکە نمایشیدەکەی، راستییەکی تراژیدی/کۆمیدییە. بەڵام لەوکاتەی کە ئەمڕۆ ئەو دیمەنە رۆشنبیرییەی، کە تۆ بە وردی پەنجەت خستە سەری، کە لە لایەن نووسەرە گەورە و شاگردە "تەرسەقولبێژ"ەکانیانەوە بە مۆدە دەکرێ، ئیتر لەو دۆخە ئیفلیجەدا ئومێدەواربوون بە تێکشکاندنی ئەو "پەیوەندییە هیرارکییە" و بەدیکردنی "تروسکایی"ییەک لە رەوتێکی خەملیوی رۆشنبیریی کە لە خەمی توورهەڵدانی مێشکی ئەو دیاردە رۆناکبیرە "شێخ و دەروێشە سادەگۆ" و ئاوەڵاکردنەوەی پانتاییەکی مارفی بێ، مەیلەو سافیلکەییە.

بەڵێ، بەشێکی کتێبەکەی من، لە هەوڵێکی سادەدا،  وێناکردنی ئەو دۆخە خەمهێنەرەی نووسەرانی ئەمڕۆی کوردە. کارەسات لێرەدایە، کە لە کوردستاندا تۆ دەمی هەر نووسەرێک بکەیتەوە، جا لە کۆنە بەعسیترین نووسەرەوە بیگرە هەتا دەگاتە ماندوونەساترین نووسەر، خۆی بەغەدر لێکراو، بێبەخت دەزانێ. نووسەری ئەوێ، بەشی هەرە زۆریان، جگە لەوەی کە هەندێکیان زیتر لە دوو "پارچە زەوی" وەرگرتووە و "رێزلێنان"ەکەشی مانگانە دابینکردووە، هاوکاتیش بە بیانۆی ئیشکردنییشی لە گۆڤار و مۆڤار و دەزگایەکاندا، "معاش"ەکەی وەردەگرێ، بێئەوەی هیچ ئەرکێکیشی لەو گۆڤار و مۆڤارانە لەسەر شان بێ، کەچی هێشتا  نووزە نووزیەتی و خۆی بە پشتگوێخراو دەزانێ. لەوەش کۆمیدیتر، نووسەرێکی زۆر هەن کە وێڕای ئەوەی چەندان کتێبیان بۆ چاپکراوە و پاداشتیشیان لەسەر وەرگرتووە، کە کتێبەکانی زۆرینەیان قرانێکی سووتاو ناکەن، کەچی کە دێنە گۆ دەڵێن، ئێمە لە راگەیاندن و چاپەمەنییەکانی حیزب و میزب، رێزمان لێ ناگیرێ. تۆ برۆ هەر نووسەرێک لە کوردستاندا بدوێنە، دەبینی بێجگە  لە خۆی و ئەو گۆڤار، دەزگای پەخشەی کە وابەستەیەتی یان بەرێوەبەریەتی، دان بە هیچ نووسەر و دەزگا و چاپەمەنیی و گۆڤار و مۆڤارەکانی تردا، نانێ. جا خۆشی لەوەدایە کە هەم خۆیان و هەمیش دەزگای پەخش و گۆڤارەکانیان سەر بە هەمان حیزبن یان لای هەمان حیزب کۆمەکی دەکرێن، کەچی یەکیان دەڵێ، گۆڤار و دەزگای پەخشی "فلان"، حیزبییە، ئەویتریش قسەیەکی لەوە قەباحەتتر دەکا. لێرەدا ئاماژە کردن بەو هەموو نەخۆشییە ئاسان نییە. بەمجۆرە، دە تۆ وەرە سەرت لەو "فیلمی هیندییە" دەربچێ؟!

ئەو راستییانەی کە من هەم لێرە و هەمیش لە کتێبەکەم باسیان دەکەم، نە تیۆریی و نە زادەی خەیاڵاندنی خۆمن، بەڵکو دیاردەگەلێکی تاڵن و ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆر بەربڵاون.  پرسیارەکە ئەوەیە، کێ هۆکردی ئەو دیاردە رووخێنەرەیە؟ گەلۆ ئەو دۆخە رۆشنبیرییەی کە  ئەمڕۆ ئەو نووسەرە "رێسێنتمێنت/ناخ کۆیلانە دەمراستیینە، دەبێ چتۆ ئەزموونێکی رۆشنبیرییمان لۆ بەرهەمبێنن؟ وەڵام و شرۆڤەکردنی ئەو پرسیارانە و گومانەکانی تر بۆ ئەو نووسەرە "مەزن"انەی ئەمڕۆکەمان بە جێدەهێڵم، کە هەرچەندە ئەوانیش لە زامنکردنی ئەو "پادداشت" و وەرگرتنە "پارچە عەرد" و مەردە بێبەش نین، لێ لە گریان بۆ بەختی خۆیان فرە ئاگادار نیم.

لێرەدا نابێ یادی مەسعود محەمەدی هێژا فەرامۆشبکەین، کە بە هەموو مانایەک، وێنای ئەو رۆناکبیرە ئیدیالی و ماندوونەناسەی، کە لەمرۆی ژیانی کوردیدا ئامادەیی ونە، بەرجەستە دەکردەوە. هەرچەندە من چەند جار لە کتێبەکەمدا، وەک سڵاوێک و جەختکردنەوەیەک لە ئامادە بوونی ئەو لە زمانی کوردیدا، ئاماژەم پێکردووە، لێ ئامادە بوونی وێنای مەسعود محەمەد، وێڕای بەشێکی زۆر لە نووسەرە ئاوزە و هاوخەمەکانی وی، کە بە راستی، وەک شێوازێک لە ژیان، لە زمانی کوردیدا ژیان، دەکرێ بکرێتە پێوانەیەک، ئەزموونێکی کارا بۆ ئەو رۆناکبیرەی کە ئێستا زمانی کوردی لە هەموو کاتێک زیتر حەوجەیەتی. ئەو سۆزەی من بۆ مەسعود محەمد هی هەستێکی وابەستەیی، هاوڕشاریی و برادەرایەتی نییە، کە ئەمڕۆ لە نێوەندی نووسینی کوردیدا لە گەشە سەندن دایە و هەمیشەش مجگێز و تەبیاتمان تێکدەدا، بەڵکو ئەو سۆزە لەو رەسەنیی و دانسقەییەی ئەوەوە سەرچاوە

هەڵدەگرێ، کە مەسعود محەمەد بە کتێبە نایاب و بە وەجەکانی ئەو خودەی سازاندووە. لەوەش زیاتر، ئەو رۆژگارەی کە مەسعوود تیایدا ژیانی نووسینی لە هەرمێندا بوو، مایەی سەرنجدانە. لەبۆیە نەک هەر زمان، شێواز و هزرینەکەی ئەزموونێکە لە نەوازەیی، بەڵکو، بە قرساندن لەگەڵ هەموو نووسەرێکی ئەمڕۆی کوردان و بگرە جیهانیش، خودی ژیانەکەشی ئەزموونێکی مەیل ورووژێنەرە. لێرەوە، ئەگەری خوێنەر و نووسەری ئەمڕۆ، کە زۆرینەیان، بە هۆی ئەو دۆخە مرێنراوەی رۆشنبیریی کوردی، نە ناوی مەسعود محەمەدیان بیستووە و نە کتێبەکانیشیان خوێندۆتەوە. ئەمەش چونکە ئەمڕۆ دەمڕاستانی رۆشنبیریی لە حیزب مارەکراوی کوردی، وێڕای ئەوەی کە ساڵانە دەیان کتێبی خوێڕیلەی نووسەرانی خۆماڵی و بیانی چەندان جار لە چاپدەدەنەوە، کەچی کتێبەکانی مەسعود محەمەد، وێڕای بەهای گرنگی گەرانەوەی هەمیشەیی بۆیان، لە کتێبفرۆشییەکانی کوردستاندا دەست ناکەون! لەوەش گەرێ، کە وێڕای ئەو هەموو "رێزلێنان"، "فیستیڤالی یادکردنەوە" و "خەڵات"بەخشینە بۆ ئەو نووسەر و ئەم شەهید و ئەو گۆرانیبێژە سەر بەو حیزب و خزمی ئەو نووسەرە باڵادەستانەی ئەمڕۆ، ئەنجامدەدرێن، وێڕای رێزمان بۆ ئەوانەی کە داهێنەر بوون، کەچی زۆریان هی ئەوە نین کە بۆیان دەکرێ، بەڵام دەمڕاستێکی ئەو هەموو "دەزگا رۆشنبیریی"، "گۆڤار" و راگەیاندنە دەم هەراشانەی، کە ئەمڕۆ بازرگانی رۆشنبیریی کوردین، کۆڕێک، فیستیڤاڵێک، یادکردنەوەیەک و ... هتد، لەسەر ئەزموونی ژیان و کتێب و زمانە بە نرخەکەی مەسعود محەمەد و هاونموونەکانی ناکەن. تۆ سەیرەکە، ئەمساڵ لە یادی 4 ساڵ بەسەر تێپەڕینی مەسعود محەمەد دا، تەنیا کەریم شارەزا، ئەویش **رەنگە** لەبەر خاتری هاوشاریی و چاوناسی بوو بێ، کورتیلە نووسینێکی، لە وێنە ئەو تەرزە نووسیانەی خۆی کە جار و بار لەسەر ژیاننامەی نووسەران دەینووسی، نووسی بوو! ئەرێ ئەو دۆخە زادەی رۆشنبیرییەکی خۆشداکەنەیە، یان مایەی یادەوەرییەکی تاڵانکراو؟! بەهەمە حاڵ، دیسان دەبێ بڵێم، کە نیگەرانی بوونمان لە درێژبوونەوەی ئەو ئاخاوتنە، ناچارمان دەکا بەو سووکەڵە بەسەر کردنەوەمان لە روحی مەسعود محەمەد، دڵنەوایی خۆمان بدەینەوە. بەڵام، بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خۆی بڕیاردەر بێ لەسەر ئاستی بەرهەمەکانی مەسعود محمەد، دەتوانێ سەردانی ئەوماڵە بکا، کە خەمخۆرانێک بۆ بەرهەمەکانی ویان سازکردووە([1]).

دیسان دەبێ بڵێم، کە دەبێ بە رەواجبوون و قووتبوونەوەی دیاردەی نووسەری "شێخ و دەروێش"، وەک دەرهاوێشتەیەکی ئەو پێکهاتە بە حیزبیکراو و داخراوەی جڤاکی کوردی، لێکبدەینەوە، کە بە هۆی گەمارۆدانی ئەو هەموو شەڕە یەک لە دوای یەکانەی کە لە بندەستی رژێمی سەددام و دواجاریش لە ژێر دەستی ئەو دوو حیزبە مەرگ خوازەوە ناخ و ئاگایی وێرانکراوە. لەوەش نەگبەتر، لە دوای روخانی سەددامەوە ئەو دوو حیزبە کوردییە، لە رێگای پارەوە رۆشنبیریان کرد بە کالایەکی بێ روح و نووسەریشیان کردە سواڵکەرێکی خۆشداکەنە. بەمجۆرە لە ئاکامی ئەو وێرانکارییە روحی و ویستکوژە کوردیەدا، حیزبی کوردی ئەو دەمارە خێڵگەراییەی کە لە پێکهاتی کوردیدا رەگئاژۆیە، جۆشدایەوە. لێرەوە بوارێکی لەبار بۆ ئەو چەشنە نووسەرە تووتییەی کە خەونی گەیشتنە بەو پلەیەی کە جێگەی "شێخ" و مەلایەکی هۆقەباز بگرێتەوە. ئیتر کە وێنای "شێخ" و مشایخ لە پێش چاوی

---

[1] جێگەی داخە کە ئەو ماڵە ئاوەدانەی کۆمەڵێک مرۆڤی لە خۆبردوو بۆ مەسعود موحەمەد و بەرهەمە لەیادکراوەکانی ئەویان چێ کردبوو، چیتر ئاوادەن نییە. مەزندە دەکەم کە هۆکاری ئەمەش کەمدەستی دارایی ئەو دۆستانە بووبێت، ئەمەش رووڕەشیەکی دیکە زیاد دەکات بۆ ناوچەوانە تەڵخەکەی سەرکردایەتی سیاسی و رۆشنبری کورد. (بەختیار کەریم). بڕوانە:
http://hem.bredband.net/wermam

کۆمەڵگا بە هەرمێن بوو و لە لایەن حیزبی نەخوێندەواری کوردیشەوە دەستی لە پشتی بدرێ، خۆ هەر هەموو نووسەران نابنە "شێخ"، بەڵکوو بازاڕی "دەروێشایەتی" گەرمدەبێ. بە دیوێکی دیکەوە، وەک هاوردەیەک دەتوانین ئەو دیمەنە رۆشنبیریی و رۆناکبیرە پەڕپووتەی کە تۆ باسیدەکەی، بە وێنەی دێهاتێک بچووێنین، وێڕای رێزمان بۆ مەلا و دانیشتوانی دێهات نشینەکان، کە ئەو ژیانە رەنگدانەوەی ئاستی سروشتی خۆیانە، کە وەک دەزانین، لە دێهاتدا مەلا رۆڵی دختۆر، بەختناس ، ژن مارە کردن، رێنیشاندەری بەهەشت و دۆزەخ، فەلەکناس، نامە نووس و ... هتد، دەگێڕێ. لەبۆیە ئەو بچمە رۆناکبیرە "شێخ و دەروێشانە"ی ئەمڕۆش، کە تۆ لە وتارێکدا بە "تەرسەقولبێژ"([2]) ناوت بردوون، کە هاوردەیەکە خشت بۆیان، لە سایەی حیزبەکانی کوردستانی باشووردا، کە پسپۆڕترین حیزبن لە مێگەلاندنی کۆمەڵگا و نووسەر، هەمان وێنەمان بە یاد دێننەوە. هاوکاتیش تۆ باش دەزانی، کە ئەمڕۆ ئەخلاقی هەلەکسێ، وابەستەیی، هاوکاتیش بە پیرۆزکردن و بە تاپۆکردن، کاراترین روحە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. لێ ئەو ئەخلاقە لووتکەی قێزەونەکەی لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە نووسەرگەلێکی زارقەڵەباڵغ، وەک تۆ ئاماژەت پێکرد، کە لە ژێر دەمامک و بانگەشەی وەک "دژە پیرۆزیی"، "دابڕانی مەعریفی"، "عەولەمە"، "ئازادی" و قسەگەلێکی زۆری رازاوەی لەم تەرزە، خۆیان دەناسێنن، کەچی هەر ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"انەش، بە ستایشەکانیان لەسەر یەکتر و لووسکەییان بۆ خۆ هەڵواسینیان بە چەند ناوی نووسەر، کە لەبەر نەخوێندەوەرای خۆیان بە "گەورە و مەزن" دەیانبینن، بەرهەمهێنانەوەیەکی کارای ئەو هیرارکییە خێڵگەرایی و پیزرۆپەرستییەن، کە حیزبی کوردی قووڵتریان دەکاتەوە.

وێڕای ئەمەش، ئەو رەوتە "شێخ"بازیی و دەروێش"کارییە، کە کایەی رۆشنبیریی ئەمڕۆمانی سووک و چرووک کردووە، کتومت بەردەوامییەکە لەو دۆخە رۆشنبیرییەی کە رژێمی سەددام بەرهەمهێنەرێکی لێزانی بوو.

لە کاتێکدا ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"ە زارقەڵەباڵغانە دەبێ بزانن، کە ئەمڕۆ لە پانتایی رۆشنبیریی جیهانیشدا، نووسەری "گەورە و مەزن" دەگمەنە و ئەو جۆرە پەسندانانەش زۆر باویان نەماوە. لەوەش زیاتر، "دەروێش"ی ئەو نووسەرە "شێخ"انە، دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەگەر خۆیان بە پسپۆڕ دەزانن لە ناسینی ئەو نووسەرە "گەورە و مەزن"ە دەگمانەی کوردی، لێ ئەو زمانە ستایشە بەزەیهێنەرەی ئەوان ریسوا کردنی خۆیان و "شێخ"ەکانیانە. لێرەدا من پێم وایە ئەو دیاردەیە لاساییکردنەوەی کتومتی شێوازی حیزبی کوردییە لە پیاهەڵدان و بە پیرۆزکردنی شەهید و سوومبوولەکانیان. ئەمەش، بە بڕوای من، ئەو شێوازی بە پیرۆزکردنە، دواجار بێتامکردنی وێنای نووسینی نووسەر و پیاهەڵدەرەکەیە، یان "شێخ" و خودی "دەروێش"کانیشە،

لێرەدا دەبێ بڵێم، کە حەز بەوە ناکەم، وەک لە روانبێژی نووسینی کوردیدا باوە، خۆمان وەک تاکە رەخنەگر، تاکە داهێنەری بلیمەتی راستییەکان و تاکە نووسەری "مەزن"ی کوردی، هەڵکێشین. نەخێر، من کاتێک بە راناوی "من" دەپەیڤم، مەبەستم لەو "من منۆکێ" یە نییە کە لە ئاخاوتنی سیاسیی و رۆناکبیریی کوردیدا زاڵە، بەڵکو ئەو "من"ە لە یەککاتدا هەم ئامادەیی ئاگایی خودێکی تاکە و هەمیش ئامادەبوونی کۆمنی ئەوانیترە. کەواتە ئەو ئاستەنگانەی کە دەمانەوێ دەست و پلی خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە، هەر تەنیا ئێمە لێیان بە ئاگا نین، بەڵکو کۆمنە بە ئاگایەکانی کوردین. هەر بۆیە، بۆ ئەوەی گەمارۆی ئەو دۆخە قەتیسماوەمان بدەین، دەبێ ئەو "من منۆکێ"یە لە زمانی کوردیدا دابماڵین. چونکە ئەوە ئەو شێوە زمانە من کارایەی کوردییە کە ئەو بە "پیرۆزکردن" و "مەزن"پەرستییە

---

[2] بۆ بینینی وتارەکە بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/7/baxtyarKarim2.pdf

بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەو منەی کوردی، ئەوەندەی هەڵکوت هەڵکوت بە دوای گرتنە دەستی گۆچانی ئەو شوانە دەسەڵاتدارەیە تاکوو بە نۆبەی خۆی لە ژێر دەمامکێکی نوێ لە مێگەلاندنی کۆمەڵ بەردەوام بێ. لێ نەهامەتییەکە لەوەدایە، کە بەشێکی زۆر لەو نووسەرە مێگەلە، کە گوایە خاوەن ئاگاییەکی "گولۆبال" و ماریفەیەکی مەعلانی باڕاندنی دەقی کوردین، کەچی بەختەوەرن بەوەی کە کۆیلەدارە سەردارەکەیان، وەک کۆیلەیەکی پەسەندەر قبووڵیان بکات!
لێرەوە مەگەر "قەدەر"ێک بە هانامانەوە بێت و رۆشنبیریی کوردی لە دەست ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"ە ناخ گوورگانیانە رزگار بکا، ئەگینا لەو ژیانە مێگەلێنراوەی کوردیدا، بەتەما بوونی "تروسکایی"ەک، بەلای کەمی بەمزووانە، لە هاتنی "مەهدی مونتەزیر" مەحاڵترە. چونکە ئەمڕۆ لەو ژیانە کلۆڵەی کە نووسەری کورد سەرمەستە بە دوای دۆزینەوەی درۆیەک تاکوو "رێزلێنان" و مووچە ساختەکەی زیاتر بکا، بەهایەکی ئیدیالی بۆ بیرکردنەوە و مەیلی هزراندنی پرسەکان، نەهێشتۆتەوە.

ماوێتی